HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

هێلین

یەکسانی، بنەمای خێزانێکی بەختەوەر

د.ڤیان سلێمان

هاوسەرگیری پرۆسەیەکی پڕ بەرپرسیاریەتییە و ویستی ڕۆحی و دەروونی و بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و ئابووری پاڵنەری مرۆڤن بۆ چوونە نێو ئەو پرۆسەیە. چەندین فاکتەری جۆراوجۆر ڕۆڵیان هەیە لەوەی کە ئەو پرۆسەیە ساخلەمانە دەست پێ بکا و بەردەوامی هەبێ، لە هەمووی گرنگتر بوونی زۆرترین خاڵی هاوبەش وەک: تەمەنی یاسایی و پێگەیشتنی تەمەنی عەقڵی و دۆخی ویژدانی و دەروونی و فکری هەردوو لایەنی پێکهێنەری پرۆسەکەیە، کاتێک دوو مرۆڤ بڕیار دەدەن خێزان دروست بکەن و پێکەوە بژین، پێویستە ئەو دووانە ئامادە بن بۆ چوونە نێو پرۆسەیەکی ژیانکردنی پێکەوەیی لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی و بەرپرسیاریەتی هاوبەش، لەو پرۆسەیەدا کەسێک موڵک و ئەوی دیکە خاوەندار نییە.

ئافرەت و پیاو دوو مرۆڤی جیاوازن لەڕووی ڕەگەزی بایۆلۆژی و باری فیزیکی و تایبەتمەندییە دەروونییەکان، بەڵام یەکسانن لەڕووی بەها و پێگەی مرۆڤبوون، توانا و ژیری و زیرەکی موڵکی ڕەگەزێکی دیارکراو نین، فاکتەرەکانی ژینگە و پرۆسەی فێربوون و پێگەیاندن ڕۆڵیان هەیە لە پێگەیاندنی مرۆڤ لەڕووی فکری و دەروونی. ئەو بڕوایەی پلەی یەکسانی نێوان هەردوو توخمی مرۆڤ ناهاوسەنگ دەکا و ڕەگەزێک دەکاتە سەردەستە و باڵادەست و ڕەگەزەکەی دیکە ژێردەستە و گوێڕایەڵ، بێ بنەما و نالۆژیکییە و لە ڕاستیشدا سەرچاوەی هەموو کێشەکان و نائارامییەکانی خێزانە. هەرکات یەکێ لەو دوو مرۆڤە بە تەنها بوو بە سەرۆک و لیدەر و بەڕێوبەر و ئەوی دیکەش گوێڕایەڵ و جێبەجێکار، ئەوا خێزان یەکێ لە بەها گرنگەکانی لە دەست داوە، کە یەکسانییە و ئەوەش پەل دەکێشێت بۆ درووستبوونی کێشەگەلێکی جۆراوجۆر.

کاتێک پیاو خۆی بە خاوەنی ئافرەت بزانێت و ئەو وەک بەشێک لە سامانی خۆی ببینێت، ئەوکات خێزان لە بری ئەوەی شوێنێک بێت بۆ پێکەوەژیان، دەبێتە پانتاییەک بۆ پێکەوەهەڵکردنێکی ناچاری و پڕ نادادی و ستەم، لەو دۆخەدا منداڵیش زیانی گەورەی بەردەکەوێ و بەها باڵاکانی ژیانیش لە یەکسانی و دادپەروەری و ئازادی بوونیان نابێت، لەو دۆخەدا بە دڵنیاییەوە کۆمەڵگەش زەرەرمەند دەبێت، وەک دەزانین هەلومەرجی ئافرەت بنەماییترین پێوەری پێشکەوتنی جڤاکە. ئافرەت موڵکی پیاو نییە، بەڵکو مرۆڤێکی سەربەخۆی پێگەیشتووە و خۆی بەرپرسە لەخۆی، تا ئەو پەیوەندییە ڕاست نەکرێتەوە و ئاڵوگۆڕی لە ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت دروست نەبێ، خێزانێکی سەرکەوتوو و کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بوونی نابێت.

ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی بنچینەیی بە دوای چارەسەری کێشەکان بین ، دەبێ سەرەتا بەدوای ڕێککردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە لە ژیانی هاوسەری بین؛ دەبێت گۆڕانکاری لە تێگەیشتنی پیاو بۆ پێگە و ڕۆڵی ئافرەت لە پرۆسەی هاوژینی و چەمک وپێناسەی خێزان بکەین، لەهەمانکات دوورکەوینەوە لە قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان و بە شەیتان زانینی ڕەگەزێ و بە سروشت توندوتیژ کردنی ئەویتر وەک گریمانەیەکی پێشوەختە و نەگۆڕ. بەڵکو دەبێت بڕوامان بەوە هەبێت کە ئەوە کەڵکەبووی ڕێڕەو و شێوازی پێگەیشتوویی مرۆڤ بە درێژایی مێژووە کە بوویتە کولتور و لە پەروەردە و هزری کۆمەڵایەتی ڕەنگی داوەتەوە و ڕەوایی بە گەشەی هزری تاکڕەوی و ڕۆڵی باڵادەستی و خۆپەسەندی لە ڕەگەزی پیاو داوە . ئێمەی ئافرەت هەرگیز خوازیار نیین؛ ببین بە ڕەگەزی باڵادەست و ڕۆڵەکان ئاڵوگۆڕ پێ بکەین، لە هەمانکات دەبێت بوێر بین لە ڕەتکردنەوەی ئەو ئیرادەیەی کە دەیەوێت سەروەری و کەسایەتیمان پێشێل بکا و مامەڵەی ڕەگەزی دووەممان لەگەڵ بکا، هەرگیز نابێ ڕازی بین بە تەرازووی لاسەنگ لە ژیانی هاوژینیدا؛ هاوژینی شکۆ دانە بەیەک، شاندانە بەر قورساییەکانی ژیان وەک یەک، بەشکردنی خۆشی و ناخۆشییەکان و هەڵگرتنی باری یەکدییە، پێکەوەژیانە لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی، سازش و لێبوردەیی وەک یەک.

> ئافرەت و پیاو دوو مرۆڤی جیاوازن لەڕووی ڕەگەزی بایۆلۆژی و باری فیزیکی و تایبەتمەندییە دەروونییەکان، بەڵام یەکسانن لەڕووی بەها و پێگەی مرۆڤبوون، توانا و ژیری و زیرەکی موڵکی ڕەگەزێکی دیارکراو نین، فاکتەرەکانی ژینگە و پرۆسەی فێربوون و پێگەیاندن ڕۆڵیان هەیە لە پێگەیاندنی مرۆڤ لەڕووی فکری و دەروونی

پرۆسەی هاوژینی بەر لەهەر شتێک هەڵگری پەیامێکی ئینسانییە و پێویستە ڕەهەندی مرۆڤایەتی و ڕۆحی بناخەی ئەو پێکەوە ژیانە بێت لە نێوان هەردوو هاوژیندا، پیاو خاوەنی هاوژینەکەی نییە، باوک خاوەنی کچەکەی نییە، برا خاوەنی خوشکەکەی نییە، بەڵکو ئەوان هاوژینی یەکن، ئەوان باوک یان برای کچ و خوشکەکانیانن، پێویستە؛ پەیوەندی لێبوردەیی و خۆشەویستی پێکەوەیان ببەستێتەوە، نەک خاوەنداری. هەر کاتێک پەیوەندی ئەم دوو مرۆڤە یاخود ڕاستتر تێڕوانینی پیاو بۆ ئافرەت لە خاوەندارییەوە گۆڕا بۆ پێکەوەژیانی و هاوژیانی؛ ئەوکات کێشەکان فۆرمێکی ئاسایی وەردەگرن و چارەسەریشیان ئاسانتر دەبێت و خێزان دەبێتە بنکەیەک بۆپێگەیشتوویی، ئامێزێک بۆ خۆشەویستی و پەناگەیەک بۆ ئارامی تاکەکانی. ئێمە و کادرە ماندوونەناسەکانی ڕێکخراوەکەمان؛ یەکێتی

ئافرەتانی کوردستان؛ لە پێناو بەدیهێنانی ئەم دیدە و جێکردنەوەی لە دید و تێگەیشتنی تاک و کۆمەڵگا لە بزاڤی هۆشیارانەی فێمینیستیمان بەردەوامین.

مەروە مەعروف: لای ئێمە دڵخوشی کڕیارەکان گرنگترە لە پارە چونکە مرۆڤ لە هەموو شتێك گرنگترە

کارکردن و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی کار بەبێ جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕەگەز پێویستی بە پلان و بیرۆکەی کار هەیە، لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئێستا چەندین ئافرەت دەبینین خاوەنکارن و بونەتە هۆکارێک بۆ دابینکردنی هەلی کار بۆ کەسانی دیکەش، یەکێک لەو ئافرەتانەی بۆتە خاوەنکار (مەروە مەعروف)ە کە کارێکی نایاب دەکات ئەویش بریتیە لە دیزاین و دروستکردنی دیکۆرەکان بۆ بۆنە و بیرەوەریە جیاوازەکان.

مەروە دەڵێت: لە ساڵی ٢٠١٩ بە ئۆنلاین دەستم بە کاری دیکۆر کرد، لە ساڵی ڕابردوودا بڕیارمدا شوێنێک بکەمەوە و کارەکەم گەورەتربکەم. بۆ ئەوەی خەڵک زیاتر من و کارەکەم بناسن و ئاشنا بن، ئەمویست شوێنێک بە ناوی خۆم هەبێت تا ڕەنجی ماندووبونم دیار بێت.

هەروەها سەبارەت بە برەودان بە کارەکەی دەڵێت: سەرەتا بە کاری دیزاین دەستمپێکرد دواتر کاتێک دوکانی دیزاینم دانا بە پێویستمزانی کاری گوڵفرۆشیش بکەم لەبەرئەوەی کاری دیزاین بۆ بۆنەو ئاهەنگەکانم دەکرد موشتەریەکانم گوڵیان پیویست دەبو وامکرد کە دەهاتنە لای من بۆ شوێنەکەم هەموو شتێکیان لە یەک شوێن بۆ دەستبەربکرێت.

مەروە مەعروف باس لە ڕەفتارو مامەڵەی خەڵک دەکات لەگەڵی و دەڵێت: ڕەفتاری خەلک زۆر باشە و دەست خۆشیم لێدەکەن کە بۆخۆم کاردەکەم و پشت بە داهاتی خۆم ئەبەستم، پیاوان کە دێنە شوێنەکەم دەزانن دیزاین و دیکۆرەکان من ئەنجامیان ئەدەم زۆر دڵخوش دەبن بە تایبەت دیکۆرەکانی مارە بڕین و بوک گواستنەوە چونکە دەڵێن ئەوەی تۆ دەیکەیت کارێکی زۆر باشە چونکەئافرەت باشتر لە سەلیقە و هەستی ئافرەت تیدەگات.



هەروەها نرخی کارەکانم لای زۆر خەڵک هەرزانە، ئەگەر کەسێک بۆ یەکەمجار سەردانی کردبێتین دوبارە سەردانمان دەکەنەوە، موشتەریمان هەیە خەڵکی سلێمانیە چەندجار سەردانی هەولێر بکات دێتە لامان گوڵ دەکڕێت و دەڵێت نرخ و مامەڵەتان زۆر باشە، لە لای ئێمە دڵخوشی کڕیارەکان گرنگترە لە پارە چونکە مرۆڤ لە هەموو شتێک گرنگترە.

هێلین میدیا

هەولێر
ژمارە (٣٤١٦) ٢٠٢١/٢/٨

ئەڤین هروری: ئافرەتان دەتوانن کارەکتەرێکی سیاسی سەرکەوتووبن و ڕۆڵی کاریگەرییان لە ناوەندەکانی بڕیـــاردانـدا هەبێت

پرسی یەکسانی جێندەری وەک یەکێک لە پرسە گرنگەکانی تایبەت بە ژیانی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە بۆتە پرسێکی گرنگ بۆ گفتوگۆ و تیشک خستنە راگرتنی بالانسی جێندەری لەنێوان هەردوو رەگەز لەکۆمەڵگەدا، ئێمە دەمانەوێت تێگەیشتن و تێفکرینی تاکەکانی کۆمەڵگەی کورد بۆ هەردوو رەگەز لەقۆناغ و ئاستێکی بەرزدا بێت و هەنگاو بۆ راگرتنی ئەو باڵانسە بنێت، بۆ ئەو مەبەستە گفتوگۆمان لەگەڵ خاتوو (ئەڤین هروری) ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی دەستەی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەنجام گەیاند.

خاتوو ئەڤین هروری لە پێناس و ناساندنی چەمکی جێندەر دەڵێت: چەمکی جێندەردەستەبەرکردنی یەکسانیە لەنێوان هەردوو رەگەز، ئیدی ئەو یەکسانیە زۆر سێکتەر بەخۆیەوە دەبینێت چ لە ڕووی سیاسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی و ئابووری یان هەر بواریکی دیکە، واتە بەرقەرارکردنی یەکسانیە لەنێوان هەردوو رەگەز لەسەرجەم سێکتەرەکانی جیا جیاکانی ژیاندا.

لەئێستادا لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا لەگەڵ هاتنی تەکنەلۆژیا و کرانەوەی کۆمەڵگە، بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانکاری لە تێگەیشتن بۆ چەمکە نوێکان هاتۆتە بوون، لەو نێوەندەدا چەمکێکی نوێی وەک جێندەر بێگومان تەکنەلۆژیا کاریگەری هەبووە لەسەری، لەم لایەنەوە خاتوو ئەڤین هروری ئاماژە بەوە دەکات کە بەو جۆرە نیە کە چەمکی جێندەر و فیمنینزم لەگەڵ تەکنەلۆژیا هات بێت، بەڵکو پێشتریش هەبوە. راستە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە نوێیە بەڵام ئەگەر بگەڕێنینەوە بۆ مێژوو دەبینین چەمکی فیمینیزم پێش چەمکی جێندەر هاتووە دەتوانین بڵێین جێندەر پێشکەوتوترە لە فیمینیزم، بەڵام ئەگەر چەمکی فیمینیزمیش سەیر بکەین قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. بێگومان هەر چەمک و هزرێکی نوێ کە سەرهەڵدەدات سەرەتا لەدەستپێکدا پەیرەوانی ئەو هزر و فکرە زۆر توندن، پاشان وردە وردە ئەو چەمکە لەناو کۆمەڵگە ئاشنا دەبێت و دواتر پەسەند دەکرێت و لەناو کۆمەڵگە جێی خۆی دەکاتەوە،هاوکات ئەو کەسانەی داواشی دەکەن هێواشتر دەبن بۆ نموونە ئەو ئافرەتانەی هەڵگری چەمکی فیمینیزم بوون توند بوون و دەیانووت بە هیچ شێوەیەک هەندێک کار هەیە تایبەتە بە ئافرەت نابێت پیاو بیکات. من ئەوە بە پێچەوانەی جێندەر دەبینم چونکە چەمکی جێندەر لەم سەردەمەدا پێشکەوتر دەبینم تەنانەت ئەو کەسانەی داوای فیمینیزم دەکەن دوای گەیشتنە ئەو باوەرەی دەبێت داوای پۆست فیمینیزم بکەن چونکە پێشکەوترە لە فیمینیزم، ئاشکرایە پۆست فیمینیزم پێویستی بە بەشداری هەردوو رەگەز هەیە لە کایە جیاوازەکانی ژیاندا بۆیە بە بۆچونی من جێندەر جێگەی ئەو فیمینیزمەی گرتووە.

لەهەرێمی کوردستان رەوتی فیمینیزم شێوەیەکی تایبەتی وەرنەگرتوە بەو مانایەی دەتوانین بڵێین رەوتێک نیە کۆکراوەی پرسی ئافرەتان بێت و لەژێر چەتری یەکێک یان دوان لە رێبازوجۆرەکانی فیمینیزم کۆیان بکاتەوە.

لەو روانگەوە خاتوو (ئەڤین هروری) بۆچونی وایە کە ئەو رەوتە لەکوردستان پەرتوبڵاوی پێوە دیارە، ناتوانین بڵێین کارەکتەرێک (ئافرەت یان پیاو) بەتەواوی فیمینستیە، لەگەڵ ئەو باوەرەدام کە مەرج نیە هەر ئافرەت فیمنینیست بێت، بەپێچەوانەوە پیاو هەیە لە ئافرەت زیاتر باوەری بە فیمینیزم هەیە و پاڵپشتی پرس و مافی ئافرەتان دەکات.

هەرچەندە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی لەدوای راپەرینەوە پیاچونەوەیەک بەو رەوتە بکەین من کەسێک نابینم کە بەتەواوی ئاڵا هەڵگری فیمینیزم بێت وەک ئەوانەی کە لە وڵاتانی دیکە هەبوە و زۆر دەستکەوتیان هەبوە.

ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی لەدوای راپەرین لە رووی سیاسی و کارگێرییەوە دەرفەتێک خولقا کە پارتە سیاسیەکان بتوانن بەجۆرێکی دیکە و لە فەزایەکی تر کاری سیاسی و خەباتی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەمەش بووە هەلێک بۆ ئافرەتانی کوردستان تا بتوانن بەشداربن لەو خەباتە. لەم رووەوە ئافرەتان بەشێوەیەکی فراوان چوونە ناو پارتە سیاسیەکانەوە، چونکە ئەگەر پارتی سیاسی دەرفەت بە ئافرەت نەدات و بڕوای بە مافی ئافرەت نەبێت، ئافرەت بەشێوەیەکی سەربەخۆ ناتوانێت ئەو خواستەی هەیەتی پەرەی پێ بدات. لەبەرئەوە ئافرەتان هەوڵیاندا توانای خۆیان لەناو چوارچێوەی بەرنامە و کاری ئەو پارتە سیاسیە ببینێتەوە کە دەبێتە ئەندام تێیدا، چونکە پێکهاتەی سیاسی لای ئێمە بەو جۆرەیە دەبێت خۆت لەناو پارتێکی سیاسی ببینیت دواتر دەتوانیت کار بکەیت، ئەوەی دەمێنێتەوە دەکەوێتە سەر ئەوپارتە سیاسیە تا چەند بڕوای بە ماف و پرسی ئافرەتان هەیە و دەیەوێت ئافرەت بەشدار بێت لە ناو ستراتیژییەتی کارکردنی خۆیدا و ئەو ئافرەتەش تاچەند دەتوانێت لەناو ئەو بەرنامەیەدا کار بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خۆی بکات، بۆیە من ئەوە بە رێگری دەبینم چونکە ناتوانین بڵێین فیمینیزم بەشێوەیەکی دروست لەناو هەرێمی کوردستان سیستماتیک کراوە، ئافرەت لەچوارچێوەی ئامانج و پەیرەو پرۆگرامی ئەو پارتەی ئینتیمای بۆ هەیە مومارەسەی کاری خۆی دەکات هەرچەندە ناکرێت بڵێین رێژەی بەشداربونی ئافرەت گۆرانکاری بەسەر شێواز و رۆڵی ئافرەتدا نەهاتوە، بەڵام هێشتا لە ئاست خواست و پرسی ئافرەتدا نیە.

لەلایەکی دیکەوە ئافرەتان هەندێک جار

> **چەمکی جێندەردەستەبەرکردنی یەکسانیە لەنێوان هەردوو رەگەز، ئیدی ئەو یەکسانیە زۆر سێکتەر بەخۆیەوە دەبینێت چ لە ڕووی سیاسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی و ئابووری یان هەر بواریکی دیکە، واتە بەرقەرارکردنی یەکسانیە لەنێوان هەردوو رەگەز لەسەرجەم سێکتەرەکانی جیا جیاکانی ژیاندا**
>
> ****
>
> **هەرچەندە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی لەدوای راپەرینەوە پیاچونەوەیەک بەو رەوتە بکەین من کەسێک نابینم کە بەتەواوی ئاڵا هەڵگری فیمینیزم بێت وەک ئەوانەی کە لە وڵاتانی دیکە هەبوە و زۆر دەستکەوتیان هەبوە**

خودی خۆیان بەربەستن بۆ یەکتر، بەو مانایەی چۆن لەرووی کۆمەڵایەتیەوە لەژێرکاریگەری دابونەریتی کۆمەڵگەکە و دەسەڵاتی فکری پیاوساالاریدان بەو جۆرەش لەناو سیاسەت و کاری حزبیدا لەژێر کاریگەری فکری پیاواندا کاردەکەن واتە وەک پیاو بیردەکەنەوە و بڕیار دەدەن ئەمەش هۆکارە بۆ پێشنەکەوتنی پرسی ئافرەت و رەوتی فیمینیزم.

هەروەها خاتوو (ئەڤین هروری) تیشک دەخاتە سەرئەوەی کە دەبێت هەوڵ بدرێت زیاتر لەسەر ئەو چەمکانە کار بکرێت و تێگەیشتنێکی دروست لای تاکەکانی کۆمەڵگە دروست بکرێت، پێویستە رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان هەوڵ بدەن بە شێوازێک کاربکەن کە ئافرەتان لەو چەمکانە تێبگەیەنن و ئاستی رۆشنبیری و فکری ئەوان پێشبخەن وگرنگی بەئافرەتانی هەموو شوێنێک بدەن و تواناکانیان گەشە پێبدەن بە جۆرێک ئافرەت بۆ خۆی ئاڵا هەڵگری مافەکانی خۆی بێت لەسەر بنەمای مەعریفیەکەی خۆی، هاوکات ئەبێت بۆ پارتە سیاسیەکانیش بسەلمێنێت کە ئافرەت بە توانای زانستی و مرۆیی خۆی دەتوانیت کارەکتەرێکی سیاسی پێگەیشتوو بێت و دەتوانێت لەناو ناوەندەکانی بڕیاردانداا رۆڵی کاریگەری خۆی هەبێت و بەشدار بێت لەئاراستەکردنی ئامانجی پارتەکەیدا.

سەبارەت بە زیادکردنی رێژەی ئافرەت لەناو پارتە سیاسیەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی و شێوازی بیرکردنەوەی پارتە سیاسیەکان بۆ بەشداری ئافرەتان خاتوو (ئەڤین هروری) دەڵێت:

بێگومان پارتیش وەک پارتە سیاسیەکانی دیکەی کوردستانە، بەو مانایەی کە پارتیش هەڵقوڵاوی ئەم کۆمەڵگەیە و لەژێر کاریگەری بیرکردنەوە و تێگەیشتن و پەروەردەی هەمان کۆمەڵگەیە، هەرچەندە پارتی جیاوازتر لە پارتەکانی دیکە هەمیشە هەوڵیداوە رێژەی ئافرەتان بەرز بکاتەوە و بەشدارییان پێ بکات.

ئەوە جێگەی خۆشحاڵیە کە لەم خولەی پەرلەماندا دوو ئافرەت لە سەرۆکایەتی پەرلەماندان. بەشانازییەوە پارتی بۆ یەکەم جاروەک پارتێکی سیاسی لە ناوچەکە ئافرەتێکی کردە سەرۆک پەرلەمان ئەوە جێگەی دەستخۆشیە، هەروەها یەکەم ئافرەت لەناو ریزەکانی پارتیدا بووە ئەندامی سەرکردایەتی و یەکەم وەزیری ئافرەت لەیەکەم کابینەی حکومەتی عێراق دوای رووخانی رژێمی بەعس پارتی بووە، لەلایەکی دیکەوە یەکەم ئافرەت کە بووە نوێنەری حکومەتی هەرێم لەدەرەوە هەر پارتی بووە.

هەرچەندە لە خولەکانی پێشووی هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغداد پارتی ئافرەتانی لە پێکهاتەی حکومەتدا بەشدارپێکردون، تەنانەت بۆ ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێم وعێراق پارتی دوو ئافرەتی وەک وەزیر داناوە، بەڵام خواستی ئێمە ئەوەیە کەرێژەی ئافرەت زیاتر بێت و وەک هەندێک وڵات نیوە بە نیوە بێت و تەنانەت جگە لە وەزارەتی خزمەتگوزاری، وەزارەتی سیادیش بدرێتە ئافرەتان و توانای ئافرەتانیش لەو بوارانە دەربخەن.

سەبارەت بە رێژەی بەشداری ئافرەت لە کۆنگرەی ١٤ی پارتیدا خاتوو ئەڤین هروری دەڵێت:هەموو هەوڵێک دەدەین لەکۆنگرەی ١٤دا رێژەی ئافرەت زیاتر بکرێت چ وەک ئەندامی کۆنگرە چ وەک ئەندامی سەرکردایەتی.

هێلین میدیا

هەولێر ژمارە (٣٤١٦) ٢٠٢١/٢/٨

ڕۆڵی ئافرەت لە هەورامان

ئەژین هەورامی

ئافرەت بە دەستێکی لانک و بە دەستێکی هەموو جیهان ڕادەژەنێ ».

یان نوسەری ڕووسی سۆخۆملینسکی پسپۆڕلە بوار پەروەردە دەڵێت (ئافرەت لە پەروەردەکردنی خۆشەویستیدا ڕۆلی سەرەکی دەبینێت ونەک هەر دایکی منداڵە،بەڵکو پیاویش پەروەردە دەکات » جەختیش لەوە دەکاتەوە کە دەڵێت .ئەوە ژنی ئازا و بەهێز و دڵسۆزە پیاوی ئازا وبەهێز و دلسۆز دەخولقێنێت و پیاو بە ڕۆحی ئافرەت دەوڵەمەندەو نا جار دەبێت، قەدری جوانی بگرێت » .

بێگومان لەگەڵ دەسپێکی هاتنە کایەی مرۆڤایەتیدا ئافرەت وەک بونەوەرێکی تەواوکەر لەگەڵ پیاودا ڕۆڵی کاری لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیی مرۆڤایەتیدا هەبووە ولە ڕێکخستنی خێزان و دروستکردنی پیاوی مەزنیش حاشا لە تواناکانی ناکرێ .ئەم بوونەوەرە میهرەبانە بە هەموو سەبر و ئارامی و بەخشندەیی خۆی توانیویەتی تەنانەت مێژوو بنەخشێنێت .

ئەگەر لە مێژووی کورد و کوردستان وردبیینەوەبۆمان دەردەکەوێ کە ئافرەت چی ڕۆڵێکی گەورەو گرنگی هەبووە و هەیەتی لە ژیانی پیاو وکۆمەڵگەی کوردیدا،بەهەمان شێوە ئافرەت لە هەوراماندا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ژیانی سیاسی و ئابوری وکۆمەلایەتیدا .شان بەشانی پیاو بەشداری لە پرسە گرنگەکانی ڕۆژدا کردووە،هەر لە کۆنەوە ژن لە ناوچەکەیاندا پێگەی تایبەتی هەبووە و ئەوەش ڕەنگی داوەتەوە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ .

جیاواز لە ناوچەکانی تری کوردستان لە هەورامان ئافرەت شانبەشانی پیاو کاردەکات هەر دوو ڕەگەز لە کارکردندا هاوبەشبون. هەورامان و هەورامیەکان بەدرێژایی مێژوو ڕۆلی ئافرەتیان بەرز نرخاندوە .

ئەوەی بۆجارێک سەردانی هەورامانی کردبێ هەستی بەوە کردوە ئافرەت لەو ناوچە یەخاوەن پێگەی تایبەتی خۆی هەیە بەدرێژایی مێژووی ناوچەکە ئافرەت خاوەن قسەی خۆیەتی وگوێی لێ دەگیرێ و ناچەوسێنراوەتەوە.

تەنانەت لەدابینکردنی سەرچاوەی ئابوری خێزانیش ئافرەتانی هەورامان ڕۆلێکی گەورەی هەیە، ڕێژەیەکی زۆری ئافرەتانمان بۆ باشترکردنی وبەرەوپێشخستنی باری ئابوری خێزان چ لە دەرەوەی ماڵ وچ لە

> جیاواز لە ناوچەکانی تری کوردستان لە هەورامان ئافرەت شانبەشانی پیاو کاردەکات هەر دوو ڕەگەز لە کارکردندا هاوبەشبون. هەورامان و هەورامیەکان بەدرێژایی مێژوو ڕۆلی ئافرەتیان بەرز نرخاندوە

ناوماڵ کاردەکەن،ژنانی ئەو ناوجەیە شان بەشانی پیاوانیان کاری کشتوکاڵی دەکەن، ئەوەش فاکتەرێکی گرنگی کۆمەڵایەتییە، هاوکات سروشتی ناوچەکە بەجۆرێکە کاریگەری لە سەر دەورنی ژن وپیاوەکان هەبووە بە شێوەیەکی ئەرێنی، کە زۆر بەئاسانی توانراوە کاربکەن وهاوکاری یەکتربن.

تەمەنێکی گەنج و عەقڵێکی پیر

دهۆک بارزانی

مەبەستم لەم بابەتەدا ڕوونکردنەوەیەکی کورتە لەسەر ژیانی گەنجی کۆمەڵگاکەمان کەوا زۆرجار پەیوەست دەبێت بەداب نەریتی کۆمەڵگە،بەڵام ئایا چ ڕادەیەک ئێمە ئەو دابونەریتە هەڵدەسەنگێنین و بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاری دەهێنین، لە هەمانکاتدا زاڵبوونی دابونەریت بەشێکە کە کار یگەری دەبێت، بەسەر عەقڵی خۆی لەگەڵ دابونەریت بکات و وای لێدەکات مومارەسەی عەقڵی خۆی لەگەڵ دابو نەریت بکات و ببێتە پێکهاتەی لەناو مێشکی دروست بێت. بێگومان ئەمەش پەیوەندی بە لایەنەکانی ژیانەوە هەیە،کە هەموو تاکە کەسێک تەنها پەیوەندی بە لایەنەکانی ژیانەوە هەیە، کە هەموو تاکە کەسێک تەنها پەیوەندی بە سۆسیال نییە بەڵکو لە ئەدەبیاتی ئایدیاو فەلسەفە و تەنانەت لە سۆسیۆلۆژیاشدا جیاوازییەک دەبینین پێچەوانەی یەکترن،ئەمەش بۆ پێکهاتەی کۆمەلگە کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە هەرچەندە مەحاڵە،بەلام ئەم تێرمە گرینگە و هەوڵدانە بۆ لە یەکتر تێگەیشتن وەک بەشێک لە بیروڕاو دیدگای جیاواز دەبینین،ئەویش دوولایەنی جیاوازە.

لە ڕاستیدا بۆ هەریەکەیەکی کۆمەڵگە مەبەستمان لە چوارچێوەی تاکەکەس بە شێوەیەکی گشتی مەزەندەی ئەوە دەکەین، هەروەها خێزان ئەو تاکە کەسەیە کەوا تیایدا پەروەرد دەبین، دەبێتە بناغەی کۆمەڵگە و جەوهەریەتی مرۆڤی گەنج لە تەمەنێکی دیاریکراودا جیاوازی دەبێت،لە بیروبۆچوون و پێداچوونەوەی بیروهۆش عەقڵی کەلەناو خێزاندا پەروەردە دەکرێت. بۆیە ئێمە کاتێک بیرێک بۆ بەرنامەڕێژی ژیانی تایبەتی خۆمان دەبێت و بە شێوەیەکی ئازادانە بیروبۆچوونی خۆمان تیایدا بەدی بکەین و بتوانین دەستنیشانی و جودییەتی خۆمان بخەینە ڕوو، بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردی گەنج وەکو هەریەکێک لە گەنجانی ڕۆژئاوا بەشێک لە ڕۆژهەلات بە گشتی جیاوازییەکی زۆری تیایدا بەدی دەکرێت، لەوانە خۆناسینی گەنج واتە خودی تاکە کەس لەناو ئەم کۆمەڵگەیە بەشێوەیەکی گران و دڵناسک و دڵپڕ لە حەق لێکردنەوە و زاڵبوونی باری سۆزداری بەسەریدا کە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری دەبێت،بە سەر گەنی ئەمڕۆماندا. ڕاستە لە ژیانی ئێمەدا گەنجەکانمان هەوڵ و تەقەلایەکی زۆرئەدەن بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانج، بەڵام ئەم لایەنانە وایان لێدەکات گرنگی بە عەقڵ و بیر هۆش و فیکرەو ئایدیا نەدەن بۆیە ئەمەش ناتوانن فیکرەی تازە لە مێشکیان دروست بێت و گۆڕانکاری لە ژیانیاندا ڕوودات هەوڵ نادەن بە دوای زانست و زانیاریدا بگەڕێن وایان لێ

> راستە لە ژیانی ئێمەدا گەنجەکانمان هەوڵ و تەقەلایەکی زۆرئەدەن بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانج، بەڵام ئەم لایەنانە وایان لێدەکات گرنگی بە عەقڵ و بیر هۆش و فیکرەو ئایدیا نەدەن

دەکات کاریگەرییەکی دەروونی هەبێت. بیرکردنەوەیان زۆر جیاوازتر دەبێت، لەوانە لە ڕوخساروشێوەیان دەردەکەوێت کە کەسێکی تەمەن بیست ساڵ بەشێوەیەکی وا هەڵسوکەت دەکات وبیردەکاتەوە کە لە کەسێکی سی ساڵ دەچێت، لە شێوازی قسەکردنی، بەڵام لەشێوە و روخساری گەنجە، راستە هەر یەکێک لە ئێمەی گەنج پەیوەستە بە دابونەریتی کۆمەڵگە، کە دابونەرتیی سنووردارە و نابێ لەو سنوورە لابدات.

شەنگە هاوار کاکەیی

شاژنی بێ عەرش زەینب خانی شاعیر

لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا ولەدووسەدەی جیاواز پەراوێزخستنی پێنوسی شیعری ئافرەت مۆرکێکی مۆڕالیی کەلتور گەراییە چونکە دەرکەوتنی تەنها ناوێکی پرشنگدار لەم بوارەدا دا ئەوە بەو واتایە نییە کەوا خامەی شیعری ئافرەت پەرێزی بەتاڵ بووە و بوونی نەبووە بگرە بەرچاو روونیەکی ئاشکرایە کەوا جیاوازی و ناهاوسەنگیە جێندەرێکان لەکۆمەڵگاکەماندا لە چلۆپۆپدا گەشەی گەییوە دوور لە بنەمای یەکسانی و داد پەروەری بەو پێییەی کە لە تەواوی سەدەی نۆزدەم بەناوی یەک ئافرەتەوە گەشە کە زاتی مەستورە خانی ئەردەلانییە . بەواتا وێزدە سەدەیەک تەنها بۆ یەک ژنە شاعیر تەرخان کراوە .

لەڕاستیدا لە شەنوکەوکردنی باسەکەمان لە پاش خوێندنەوەی ئەم پاشخانەدا پرسیارێک دێتە ئاراوەو قابیلی ووروژاندنە. خۆ ئەگەر بەرێکەوت سەدەی نۆزدەم بەمەستورە خانەوە ناوزەند کراوە وبۆ سەد ساڵ پاشی کۆچی مەستورە خان لەپەراوێزی وشەدا پێنوسی ئافرەت خەرمان چۆڵ بووە !؟ بەرێکەوتیش یەک ئافرەت دەرکەوتە نەبووە دەرفەتی بۆ نەرەخساوە چرۆی بەرهەمەکانی لەبواری شیعریدا بپشوکێن تەنانەت یەک پینوسی ئافرە ت نەناسراوە وەکو ژنە شاعیرێک ؟

هەڵبەتە کردنەوەی ئەم دەرگایە لەئەمرۆماندا مەبەستە نەوەک تەنها بۆ نیشاندانی ڕوی بزێو ناشرینی یاسا کۆنکرێتێکانی کۆمەڵگای باوک سالاریدا کە ئەو بوارە بۆ توخمبەندی پیاو مۆنتیڤکراوە ئافرەتی لێ بێبەش کراوە بگرە ! هەوڵدانە بۆ توانەوەی ناجۆری ئەو بەستەڵەکانەی کەوا لەمپەرن لەبەردەم گەشەسەندنی مرۆییدا و بەم پێوەراندنە کەرەستەکانی بیناسازی لە بونیادنانەوەی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ و مۆدێرن دوور لەبنەمای هەڵاواردنی جێندەری دێتە ئاراوە تای تەرازووی یەکسانی و دادپەروەری تەکانێک بەخۆیەوە دەبینێ لەم بوارەدا ئەزموون گەیاندنی ئەم پرسە لەباشووری کوردستان بەتایبەت لەشاری هەولێرکە خوشکی گەورەی دڵداری شاعیر پاش نیو سەدە لەکۆچی دوای شاژنی شیعیر زەینەب خان بابەتە شیعیرێکانی لەدیوانێکدا هاتە بەرهەم لەرێگای فاتیمە ساڵح ئەحمەد کەدەکاتە دایکی نوسەری بەتوانا مامۆستا عبدالله زەنگەنە.

دیارە لەگەردانەی شیعیریدا شاعیر لەیەکێک لە تێکستەکانی لەکاتی خوێندنەوەدا درک بەسۆزی ئەوینی نیشتمانی دەکەیت کە دەڵێ

میلەتی نوستوو
ئاواتی کوردەوارییە
رزگاری بێ نیشتیمانم
سەربەخۆ بێ کوردستانم
هەمووی
هەر تینوی ئازادین
رەنجدەرو پاڵەو سەپانم
بەڵام کوانێ
نودوژمنم لێ دەگەرێ
نەمیلەتم لەخەوی قوڵ
بەئاگا دێ و ڕادەپەرێ

لە هێلینەوە

- ئەندامانی پەرلەمان لە وڵاتی "ئیسکۆتلەندا" یاسایەکیان پەسند کرد کە وڵات ناچار دە کات بە دابینکردنی پێداویستی تەندروستی ئافرەتان بۆ کاتی سووڕی مانگانە کە بە خۆرایی دەخرێتە بەر دەستیان و لە ناوەندە گشتییەکانی وەک، قوتابخانە و زانکۆ دادەنرێت، بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینن، جێگەی باسە وڵاتی ئیسکۆتلەندا یەکەم وڵاتە لە جیهاندا کە پێداویستی تەندروستی بۆ کاتی سوڕی مانگانە بە خۆرایی بۆ ئافرەتان دابین دەکات، ئەو یاسایە لە هەندێک شوێن جێبەجێکراوە.

- دامەزراوەی نێودەوڵەتی پەروەردەیی و هاوکاری ئافرەتان، کە پێکهاتووە لە ٢٠ رێکخراوی سەربەخۆ لە جیهاندا رێنوێنی ئافرەتان دەکات کە لە پێگەی خۆیاندا چالاکانە رۆڵی ئاشتیخوازانەیان لە کۆمەڵگە و جیهاندا هەبێت و پێیانوایە بەشداری ئافرەت لە کایەی سیاسیدا هەنگاوێکی بنەرەتییە بۆ دروستبوونی هەلومەرجی گونجاوی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە دەرفەتی یەکسان بۆ ئافرەت و پیاو دەرەخسێنێت و پێویستە چاوپێداخشاندێک بەو بابەتانە بکرێت بۆ گەیشتن بە ماف و داخوازیەکان کە یەکێکیان بەشداری ئافرەتە لە کایەی سیاسیدا، کە ئەمەش بە هاوکاری پیاوەکان و هەموو ئەو گروپانە دەکرێت کە خوازیاری دادپەروەری کۆمەڵایەتین.

د." لیندا ئاستین" مامۆستای دەروونناسی لە کتێبی " بۆچی ئافرەت پێش ناکەوێت" دەڵێ: لەوە دڵنیام ئەگەر بەربەستە دەروونییەکان رێگا لە سەرکەوتنی ئافرەت بگرن، زۆر بەزەحمەت دەتوانێ بەربەستە دەرەکییەکان لە خۆی دوور بخاتەوە، ئەگەر ئافرەتێک نەتوانێت لە دەرووندا خۆی وەکو کەسێکی گەورە و سەرکەوتوو ببینێت، بەرەبەرە لە داخوازیەکانی کەم دەکاتەوە و کەمتر بایەخ بەو دەرفەتانە دەدات کە دەبنە هۆی سەرکەوتنی.

- زانایانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەنجوومەنی نەخۆشی شێرپەنجە لە وڵاتی دانیمارک، شیکردنەوەیان بۆ زیاتر لە ٣٨ هەزار ئافرەتی سەرووی ٥٠ ساڵی کە شێرپەنجەی مەمکیان هەیە ئەنجامدا، بە شێوازێک کە هەر یەکە لەو ئافرەتانە لەگەڵ ٥ ئافرەتی تەندروست کە بە رێککەوت هەڵبژێردرابوون بەراورد کران، ئەنجامەکە دەریخست کە ئەو ئافرەتانەی بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ لە دەرەوەی ماڵ کاریان کردووە، رێژەی تووشبوونیان بە شێرپەنجەی مەمک زۆر کەمە. هەروەها ئەو ئافرەتانەی خۆیان بەرهەتاو دەدەن و بە پێی پێویست ڤیتامینی "دی" وەردەگرن، زۆر کەمتر تووشی لەو جۆرە شێرپەنجەیە دەبن.

ئا:نەسرین حەسەن

لەیلا هەمەوەندی بەهۆی فشاری حزبی بەعس وازم لە کاری بێژەری لە تەلەفزیونی کوردی کەرکوک هێنا

ئێمە ئازادی تەواومان هەبوو لەو سەردەمەدا کۆمەڵگەش هۆشیاربوو،بەڵام حکومەتی بەعس ئەو کات هەمیشە چاودێریی ووردی دەکردین چونکە رێگەی نەئەدا کورد رۆڵی هەبێت لە کۆمەڵگەدا و خاوەن راگەیاندنی خۆی بێت

لەیلا هەمەوەندی لەساڵی ١٩٨٦ تا ١٩٩١ وەکو بێژەر لە کەناڵی کەرکوک و رادیۆی کوردی کاریکردووە و سەبارەت بە کارکردنی ئافرەتان لە بواری راگەیاندن دەڵێت: ئافرەتی کورد لە هەموو بوارێک و لە هەموو شوێنێک ڕۆڵی هەبووە ولە نێوانیاندا لە دەزگاکانی راگەیاندن، بەڵام بەراورد بە سەردەمی پێشوو وئێستا چەندین بەربەست ماون لە بەردەم ئافرەت لە ناو کۆمەڵگەدا وەکو دابونەریتی کۆمەڵگە کە هێشتا بەتەواوی ئافرەتی راگەیاندکارنەگەیشتووە بەو ئازادیەی کە پێویستە هەیبێت بۆ پێشخستنی کارەکەی.

لەیلا هەمەوەندی ئاماژە بە ژمارەی ئەو ئافرەتە میدیاکارانە ئەکات کە ئەو کات پێکەوە کاریان کردوە و دەڵێت: ئەو کاتەی من لە راگەیاندن بووم، ئێمە شەش ئافرەت بووین لە تەلەفزیونی کوردی کەرکووک کارمان دەکرد کە چوار لەوانە نەتەوەی کورد بووین ویەک ئافرەتی تورکمانمان بوو لەگەڵ ئافرەتێکی سریانی.

لەڕووی ئازادی و هۆشیاری کۆمەڵگە سەبارەت بە ڕێگەدان بە ئافرەت بۆ کارکردنیان لە دەزگای راگەیاندن لەیلا هەوەندی دەڵێت: ئێمە ئازادی تەواومان هەبوو لەو سەردەمەدا کۆمەڵگەش هۆشیاربوو،بەڵام حکومەتی بەعس ئەو کات هەمیشە چاودێریی ووردی دەکردین چونکە رێگەی نەئەدا کورد رۆڵی هەبێت لە کۆمەڵگەدا و خاوەن راگەیاندنی خۆی بێت. هەر بۆیە فشارەکانی حکومەتی بەعس لەسەر من وهاوکارانم وایکرد واز لەکاری راگەیاندن بهێنم،چونکە بەزۆر دەیانویست ببم بە ئەندامی حزبی بەعس منیش پەسەندم نەکرد و نەبوومە ئەندام حزبی بەعس بۆیە لە تەلەفزیونی کوردی دوورخرامەوە.

لەدوای پرۆسەی ئازادی لە٢٠٠٣وە راگەیاندن رۆڵێکی کاریگەری بینی وسەردەمێکی نوێ هەتا کایەوە . وە چەندین ئافرەت لە راگەیاندنەکانەوە بەشێوەیەکی فراوان لەهەموو کەناڵ و گۆڤار ورۆژنامە و رادیۆکان دەبینران،بەڵام سەرباری بارودۆخی ئەمنی وئابوری ئافرەت لەبواری راگەیاندن توانی رۆڵێکی کارگێری وبالآی هەبێت وسەرنجی جەماوەر بۆ لای خۆیان راکێشن، بوونە هۆکاری چارەسەری چەندین گرفت وکێشە لە کۆمەڵگەکەماندا.

گرنکترین بەربەستەکان کە لەبەردەم ئافرەتی راگەیاندکار هەیە دابونەریتی کۆن و عەقڵی پیاوسالاری و نەبوونی گرنتیەک بۆ مافی ئافرەت، هەر بۆیە لە دوای ٢٠٠٣ وە زیاتر لە ٣٠ ی ئافرەتی راگەیانکارکوژراوە هەندیکیش بەهۆی هەرەشەکانی چەند لایەنێک شارەکەی خۆی بەجێهێشتوە و ئاوارەی هەندەران یاخود هەرێمی کوردستان بوون، لەلایەکی دیکەشەوە هەندێکجار ئافرەتی راگەیاندکار توشی فشاری دەرونی دەبێتەوە لەکارەکەی. هیوادارم ئەم جۆرە گرفتانە بەرامبەر راگەیاندنکاری مێنە کەم بێتەوە وبهێڵن ئافرەت لە رێگای راگەیاندن پەیامەکەی بگەیەنێت.

لەیلا عەبدوڵا محەمەد رەزا لە ١٩٦٩/١/١ لەشاری کەرکوک لە دایکبوە و خاوەن بڕوانامەی بکالۆریۆسە لەیاسا، لەیلا خێزاندارە و خاوەن ٣ کچ و کورێکە، لەشاری کەرکوک ژیان بەسەر دەبات. سەرۆکی رێکخراوی جیهانی بۆ فێرکردنی رۆشنبیری مافی مرۆڤە، هاوکات مافپەروەرە و ئەندامی تۆری بەڵگەی پێشیلکاری مافی مرۆڤی نێو دەوڵەتییە.

ئارین عەبدولخالق

ناسک سەعید
Nask.saeed@helinmedia.org
شەیما مستەفا
Shayma.mustafa@helinmedia.org